گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(3).Paper13

ڕێــكەوتــی وەرگــرتــن: 06/01/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 20/03/2025
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/06/2025

# هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی كوردستانی عێراق دەرئەنجام و لێكەوتەكانی

## (لێكۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای ڕامیاریی)

**ڕۆستەم جەبار مستەفا**

rostamgeography@gmail.com

بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**پوختە**

جوگرافیای ڕامیاریی لە ڕۆڵی هەمو بنەما جوگرافییەكان دەكۆڵیتەوە كە كاریگەرن لەسەر بریار و گۆڕانكارییە سیاسییەكاندا، شیكردنەوە و دابەشبونی سەنگ و هێزی حیزب و لیستە بەژداربوەكانی پرۆسەی هەڵبژاردن دەكات، پەرلەمان دامەزراوەیەكی نیشتمانیە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە بەهێزبونی پرۆسەی سیاسی هەرێمی كوردستان و دابینكردنی ئەرك و مافی دانیشتوان، خولی شەشەمی پەرلەمانی كوردستان لەڕێكەوتی (10/20/ 2024) ئەنجامدرا گۆڕانكارییەكی گەورەیە لەمێژوی پەرلەمانی كوردستان لەڕوی سیستەمی هەڵبژاردن و كەمبونەوەی ژمارەی كورسی پەرلەمان و دابەشبونی كورسییەكان بەسەر بازنەكانی هەڵبژاردن و هەڵوەشاندنەوەی كورسی پێكهاتەی نەتەوەكان، هەڵبژاردن لەسیستەمی یەك بازنەیەوە گۆڕا بۆ سیستەمی فرەبازنەیی، بەپێی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان دابەشبونی كورسییەكانی پەرلەمان كرا بەچوار بازنەی هەڵبژاردن ئەوانیش بازنەی (هەولێر وسلێمانی و دهۆك و هەڵەبجە) و كەمبونەوەی كورسییەكان لە (111) كورسی پەرلەمانی كەمبۆتەوە بۆ (100) كورسی پەرلەمانی و هەڵوەشاندنەوەی كورسی پێكهاتەی نەتەوەكان لە هەرێمی كوردستان كە ژمارەیان (11) كورسی بو، دواتر دیاریكردنی (5)كورسی بۆ پێكهاتەی نەتەوەكان و دابەشبونەوەی كورسی كۆتای پێكهاتەكان لە هەرێمی كوردستان بەسەر بازنەكانی هەڵبژاردن لە هەرێمی كوردستان، لەهەڵبژاردنی یەكەم خولی پەرلەمانی كوردستان بەدواوە ڕێژەی بەژداریكردنی دەنگدەران بەردەوام ڕوی لە دابەزین كردوە لە خولی یەكەم ڕێژەی بەژداری (87.4%) بوە و بەردەوام ڕێژەكە دابەزیوە تاكو خولی پێنجەم ڕێژەی بەژداری دابەزیوە بۆ (59%)واتە بەڕێژەی (28.4%) ڕێژەی بەژداری كەمیكردوە، بەڵام ڕێژەی بەژداریكردانی دەنگدەران لەم خولی شەشەمی پەرلەمانی كوردستان بەرزبۆتەوە بۆ (72%) ئەمەش ڕادەی متمانەی هاونیشتمانیانی هەرێمی كوردستان نیشادەدات بەو دامەزراوە نیشتمانییە بۆ ئەم خولەی پەرلەمان و بە وەرچەرخانێكی گرنگ دادەنرێت بۆ هەرێمی كوردستان وا دەكات پەرلەمان ببێتە ناوەندێكی بریار و پایەكی بەهێزی ئاسایشی نیشتمانی.

**كلیلە وشەكان**: هەرێمی كوردستان، هەڵبژاردن، بازنەكانی هەڵبژاردن، دەنگدەر

# The Sixth Parliamentary Election of Kurdistan: Results and Implications

# (A Study in Political Geography)

**Rostam Jabar Mustafa**

Sulaimani General Directorate of Education, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

Political geography examines all geographical factors that influence political decisions and changes, including the analysis and distribution of power among parties and lists participating in the electoral process. Parliament is a national institution that plays a vital role in strengthening the political process of the Kurdistan region and ensuring the rights and duties of its inhabitants the sixth term of Kurdistan Parliament represents a major change in the parliament's history regarding the electoral system, reduction in parliamentary seats, distribution of seats across electoral districts, and the reorganization of ethnic minority quotas. The election system changed from a single constituency to a multiple constituency system. Based on Kurdistan Region's provinces, parliamentary seats were divided into four electoral districts (Erbil, Sulaymaniyah, Duhok, and Halabja). The number of parliamentary seats was reduced from 111 to 100, and the ethnic minority quota system was reorganized from 11 seats to 5 seats, distributed across the electoral districts. Since the first parliamentary election, voter turnout has consistently declined, from 87.4% in the first term to 59% in the fifth term - a decrease of 28.4%. However, voter turnout in this sixth parliamentary term increased to 72%, demonstrating Kurdistan Region citizens' renewed trust in this national institution. This is considered an important turning point for the Kurdistan Region, enabling parliament to become a decision-making center and a strong pillar of national security

**Keywords:** Kurdistan Regional, Election, Electoral Districts, Voter.

## پێشەکی

هەڵبژاردن یەکێکە لە خەسڵەتەکانی دیموکراسی، دەکرێ ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسی وڵاتدا، ئەم پرۆسەیە جێگرەوەی جەنگ و توندوتیژیە لەپرۆسەیەکی نیشتمانی گرنگدا دانیشتوان پیادەی یەکێك لە مافە سەرەتاییەکانی خۆیان دەکەن بەئازادانە دەنگی خۆیان دەدەن بەو حیزب و لایانانەی کە لەگەڵ بەرژەوەندی و

هاوهەڵوێستیی خۆیان یەکدەگرنەوە، بێگومان ئەمەش بەندە بەڕادەی ئاستی هۆشیاری و کۆمەڵایەتی دانیشتوانەوە، بۆیە هەڵبژاردن پرۆسەیەکی نیشتمانی گرنگە بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی هەمو وڵات و هەرێمێك لە ئێستا و ئاییندەدا.

هەڵبژاردن ئەرکێکی نیشتمانی گرنگە بۆ هەمو دانیشتوان مافی هەمو تاکە کەسێکە بێ جیاوازی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی و ڕەگەز، هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لە پرۆسەیەکی دیموکراسی گرنگدا لە ڕێکەوتی (2024 /10/20) (3798360) ملیۆن کەس کە مافی دەنگدانیان هەبوە بەڕێوەچوە لە هەڵبژاردنی ئەم پرۆسە نیشتمانییە گرنگەدا، دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان دابەشکرابو بەسەر چوار بازنەی هەڵبژاردن بەپێی یەکە کارگێڕییەکان و ژمارەی دانیشتوان دابەشکراوە بەسەر هەر چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان ئەوانیش پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك و هەڵەبجە. و دەرخستنی ڕۆڵ بنەما جوگرافیەکان بەتایبەت هۆکاری سروشتی وەکو کەشوهەواو درێژی ڕۆژ و هۆکاری مرۆیی وەکو ژمارەو دابەشبونی دانیشتوان و بونی ڕێگای گواستنەوە و هۆی گواستنەوە و تەمەنی دانیشتوان و ئارامی هەرێمی کوردستان کاریگەری گەورەی هەبوە لەسەر ڕێژەی بەژداریکردنی دەنگدەران لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا.

**میتۆدی توێژینەوە:** هەر توێژینەوەیەکی زانستی  پێویستی بە میتۆدێك یان زیاتر هەیە لە م توێژینەوەیەدا زیاتر لە میتۆدێك بەکارهاتوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکە بەشێوەیەك بۆ شیکردنەوەی زانستیانە بۆ دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکە و شیکردنەوەی داتاکان و ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ئەو میتۆدانەش بەکارهاتوە بریتییە لە میتۆدی (شیکاری – وەسفی) بۆ توێژینەوەکە.

**کێشەی توێژینەوە:** 1- نەبونی زانیاری ورد لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، چونکە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لەئێستادا داخراوە.

2- بڵاونەکردنەوەی ئەنجامی سەرژمێری گشتی دانیشتوان لەساڵی 2024 لەسەر ئاستی پارێزگاکان لەلایەن حکومەتی عێراقی فیدراڵەوە تاکو بەشێوەیەك ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکان بزانرێت و ڕێژەی ئەوانەی ماڤی بەژداری دەنگدانیان هەیە بزانرێت چەند کەسە.

3- کەمی سەرچاوەو توێژینەوەی زانستی لەسەر جوگرافیای هەڵبژاردن و جوگرافیای ڕامیاری لەکێتێبخانەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەت بەزمانی کوردی.

**ئامانجی توێژینەوە:** 1- ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕوی دەرئەنجامی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان وشیکردنەوەی کورسییە بەدەستهاتوەکان لە بازنەکانی هەڵبژاردن.

2-  دەرخستنی ڕۆڵی بنەما جوگرافیەکان و پەیوەندی بە پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان.

3- دەرکەوتنی لێکەوتەکانی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئاییندەی هەرێمی کوردستان.

4- شیکردنەوەی ڕێژەی بەژداری دانیشتوان لە پرۆسەی هەڵبژاردن لە خولی یەکەمەوە بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان.

**گرنگی توێژینەوە:**

1-گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە نوسین و توێژینەوە لە بواری هەڵبژاردن گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە بەتایبەت بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان.

2- گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە بۆیەکەم جارە سیستەمی فرەبازنەیی لە هەرێمی کوردستان پەیڕەودەکرێت و پێشتر هەرێمی کوردستان یەك بازنەی هەڵبژاردن بوە. بۆ ئەم خولەی پەرلەمان دابەشبوە بۆ چواربازنەی هەڵبژاردن.

3- چۆنیەتی شیکردنەوەی جوگرفیانە بۆ بەدەستهێنانی کورسییە بەدەستهاتوەکانی حیزب و لایەنەکان لەسەر ئاستی بازنەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان.

**گریمانەی توێژینەوە:**

1-ئایا دەستنیشانکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن بۆ چوار بازنە گونجاوە بەپێی ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی دەنگدەران؟

2-ئایا سیستەمی یەك بازنەیی یان فرەبازنەیی گونجاوە بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان؟

3-ئایا دابەشونی کورسی بۆ پێکهاتەکان بەپێی بازنەکانی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان باشترەیان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بێت؟

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوە**

1- حەز و ئارەزوی نوسین لە بواری جوگرافیای هەڵبژاردن بەتایبەت وەکو ڕەهەندێکی جوگرافیای ڕامیاریی گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

2- پەرلەمان بە یەکێك لە پایە بەهێزەکانی ئاسایشی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان دادەنرێت و کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ژیانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ ئێستا و ئاییندە بۆیە نوسین لەسەر ئەم بابەتە گرنگی خۆی هەیە.

**پلانی توێژینەوە:**

پلانی ئەم توێژینەوەیە یەك بەشە کە پێکهاتوە لە شەش باس. لە بەشی یەکەم باسی یەکەم باسی ناساندنی ناوچەی توێژینەوە کراوە لەڕوی سنور و شوێنی جوگرافی و باسی دوەم باسی مێژوی هەڵبژاردنی خولەکانی پەرلەمانی کوردستان کراوەو لەباسی سێیەم باسی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان کراوە و لەباسی چوارەمدا باسی دابەشبونی جوگرافی بازنەکان هەڵبژاردن و دەرئەنجامی کورسی لیست و قەوارەکانی پەرلەمانی کوردستان کراوە و لەباسی پێنجەمدا باسی کورسی پێکهاتەی نەتەوەکان و دابەشبونیان بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردن و بەژداری ژن لە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستانداکراوە و لەباسی شەشەم باسی لێکەوتەکانی خولی شەشەمی پەرلەمان کراوە.

**سنوری ناوچەی توێژینەوە:**

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ناوچەی توێژینەوە پێکهاتوە لە پارێزگای (هەولێر وسلێمانی و دهۆك و هەڵەبجە)، بەتایبەت بۆ ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵات و بەڕێوبردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانن، ناوچە کوردستانییەکانی

دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لەم توێژینەوەیەدا باسنەکراوە، چونکە لەڕوی بەڕێوبردنەوە لە ئێستادا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەڕێوەدەبرێت و پەیوەستن بەماددەی (140)ی دەستوری هەمیشەیی عێراقەوە.

## بەشی یەکەم: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە


### باسی یەکەم

### 1- شوێنی جوگرافی و ئەسترۆنۆمی

هەرێمی کوردستان دەکەوێتە باشوری خۆرئاوای کیشوەرری ئاسیا و باکوری خۆرهەڵاتی عێراق، هەڵکەوتەی جوگرافی هەرێمەکە گرنگییەکی زۆری هەیە لە ڕوی جیوستراتیجی، ئابوری، دیموگرافی، بەپێی شوینی ئەسترۆنۆمی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی ("15 '55 °34 و "16 '22 °37) باکور و نێوان هێڵی درێژی ("30 '23 °42 و "40 '20 °46) ڕۆژهەڵات. بڕوانە نەخشەی ژمارە (1)

نەخشەی ژمارە (1)

شوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی توێژینەوە




ئامادەکردنی توێژەر پشت بەستن حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و بەرنامەی Arc gis 10.8

### 2- ڕوبەر

ئەو ڕوبەرە جوگرافییە دەگرێتەوە کە پێکهاتوە لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و هەڵەبجە کە لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991 ئازادکرا و پاشان دواتر یەکەم حکومەتی هەڵبژێردراو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تەمموزی 1992

لێبەرهەم هات. ڕوبەری ناوچەی توێژینەوە پێکهاتوە لە (46861.6)کم2، ڕوبەری پارێزگاکان بەم شێوەیە پێکهاتوە ڕوبەری پارێزگای هەولێر (14872.9)کم2 و ڕوبەری پارێزگای سلێمانی (20144)کم2 و ڕوبەری پارێزگای دهۆك (10955.9) و ڕوبەری پارێزگای هەڵەبجە (888.8)کم2 (دەستەی ئاماری هەرێم،2022)

### 3- شوێنی دراوسێتی

شوێنی دراوسێتی بریتییە لە شوێنی هەرێم بەگوێرەی وڵاتانی دراوسێ و ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە دراوسێن و سنوری هاوبەشیان هەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، شوێنی دراوسێیەتی ڕۆڵ و گرنگی زۆری هەیە لەسەر پێشکەوتنی بواری ئابوری و ڕامیاری دەوڵەت بەتایبەت لە کاتی بونی پەیوەندی باش و بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوان وڵاتانی دراوسێ، بەڵام لەهەمان کاتدا بونی ململانێ و ناکۆکی ڕامیاری و ئابوری لە نێوانیان ئەوا کاریگەری نەرێنی لەسەر یەکە ڕامیارییەی دەبێت(الجبوری،2012، 23)

هەرێمی کوردستان سنوری لەگەڵ سێ وڵاتی هەرێمی هەیەکە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا توانای ئابوری و سەربازییان هەیە ئێران وتورکیا و سوریا، بەڵام بۆ دەوڵەتی عێراق هەرێم سنورداری ناوخۆییە و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا نییە، بۆیە هەرێمی کوردستان هەمیشە هەوڵدەدات پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دروستبکات و بمێنێتەوە بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی خۆی و دانیشتوان و پێکهاتەی ئیتنییەکەی، وڵاتانی دراوسێ ڕۆڵی گەورەیان لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی کابینە یەك لەدوای یەکەکانی حکومەتی هەرێمی کورستان هەبوە، چونکە کورد بەشێکە لە پێکهاتەی دانیشتوانی ولاتەکانیان بەتایبەت هەردو وڵاتی ئێران و تورکیا بەهۆی پێگەی جوگرافی و نزیکی و بونی سنور لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا ئەم هۆکارە لەڕابردودا کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوە لەسەر مێژوی کوردستان هەروەها بەپاڵپشتی و یاخود لێدوان لەسەر هەڵبژاردنەکان و پێکهێنانی کابینەیەك لەدوای یەکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبیانوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ناوچەکە و کاریگەری بۆسەر وڵاتانی دراوسێ.

### باسی دوەم: مێژوی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان

لەساڵی 1970 ڕێکەوتنی 11ی ئازار ئەنجامدرا لە نێوان سەرکردایەتی شۆرشی کوردستان و ڕژێمی فەرمان ڕەوایی عێراق بەپێی ڕێکەوتنی نێوانیان دەبوایە برگە و بەندەکان لە دوای چوارساڵ جێبەجێبکرێن، دوای گفتوگۆکان دوای ئەم چوارساڵە شکستیان هێنا ڕژێمی عێراق پاشگەز بوەوە لە جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکە وەك خۆی بۆیە یەك لایەنە ڕژێم یاسای ئۆتۆنۆمی ژمارە(33)ی ساڵی 1974ی دەرکرد پاڵپشت بەم یاسایەش پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەرکرد تاکو ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991چەند جارێك هەڵبژاردنی کارتۆنی و ڕوکەش بۆ ئەم ئەنجومەنە بەڕێوەچوە، بەڵام تەنها پەردەپۆشکردن بوە، سەرجەم ئەندامەکان لەلایەن ڕژێمەوە دیاریکراون، بۆنمونە نزیکەی 4خولی هەڵبژاردن بەڕێوەچوە ئەم هەڵبژاردنانە کارتۆنی بون لەسایەی سیستەمی تاکە حیزبدا بەڕێوەچو مافی خۆپاڵاوتن وگشتگیر نەبو بۆ سەرجەم هاووڵاتیان لەڕوی پراکتیکیەوە، نوێنەرەکان لە ڕاستیدا نوێنەرایەتی گەلی کوردستانیان نەدەکرد. (فتح الله 2016، 168)

لە دوای ڕاپەڕینی گەلی کورد لە مانگی ئازاری ساڵی 1991 بارودۆخێکی تازەهاتە کایەو گۆڕانکارییەکی گەورە ڕویدا لە مێژوی عێراق و کوردستان بەتایبەتی دروستبونی زاراوەی هەرێمی کوردستان لەم کاتەوە هەرچەندە سنوری سروشتی جوگرافیای هەرێمی کوردستان هەمو هەرێمی کوردستانی نەگرتەوە، بەڵام بارودۆخێکی نوێ هاتەکایەوە لە ژیانی گەلی

کورد و کە خۆی فەرمان ڕەوای ناوچەکەی بکات ئەویش دروستبونی حکومەتی هەڵبژێراوی هەرێمی کوردستانە، یەکەمین ئەزمونی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی دیموکراسی لە کوردستانی عێراق بەپێی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی بەرەی کوردستانی لەڕێکەوتی (19/ 5/ 1992) بەچاودێری و سەرپەرشتی نوێنەرانی چەندین وڵاتان و چەندین ڕێکخراوی بیانی لەبواری مافی مرۆڤ و دیموکراسی ئەندامانی پەرلەمانی وڵاتانی ئەوروپا و ڕۆژنامەنوسانی بیانی ئەنجامدرا لەم هەڵبژاردنەدا بەبەژداری (967229)کەس ئەنجامدرا (سایتی-https://www.parliament.krd/about (parliament/parliament-terms/term-1

لەپاش (13) ساڵ جارێکیتر هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچو لە ڕێکەوتی (30/1/ 2005) خولی دوەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچو، بەمەش یەکەمین هەڵبژاردن بو لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس ئەنجامدرا، کە هاوکات بو لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان، لە هەڵبژاردنی خولی دوەمدا بەبەژداری (1753919)کەس بەسەرجەم پێکهاتەکانەوە ئەنجامدرا، ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان لە (105) ئەندام پەرلەمان زیاد کرا بۆ (111) ئەندامانی پەرلەمان

خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لەڕێکەوتی2009/7/25 بەڕێوەچو لە کەشێکی ئارام و بەئامادەبونی چەندین چاودێری بیانی و نێودەوڵەتی و هەرێمی سەرکەوتوانە بەڕێوەچو، لەم هەڵبژاردنەدا 24 لیست بەژداری هەڵبژاردنیان کرد بۆ کێبڕکێی 111کورسی و 11 لیست توانیان ڕێژەی یاسایان بەدەستبێنن بێنە ناو پەرلەمان، لەم خولەی پەرلەمان گۆڕانکاری گەورە ڕویدا کەتێدا بۆ یەکەمجارە لیستی گۆڕان کە بەرەی جیابوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە کە حزبێکی ئۆپۆزیسێۆن بو توانی ڕێژەی (23.7%)ی دەنگەکان بەدەستبێنێت، هەروەها لەم خولەشدا هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا لە کۆی (12) پاڵێوراو مسعود بارزانی بەڕێژەی (69.6%)ی دەنگەکانی بەدەستهێناو بوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان لە ڕێکەوتی 2013/9/21 بەڕێوەچو بەسیستەمی نیمچە کراوە کە تێیدا 31 لیست بەژداری پرۆسەکەیان کردوە، سەرنجام (17) لیست توانیان سەرکەوتن بەدەستبێنن و بگەن بە پەرلەمان، ڕێژەی بەژداری دەنگدەر لەم خولەدا بەڕێژەی (73.9%) بوە.

هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لەڕێکەوتی 2018/9/3 بەڕێوەچو، کە تێیدا 29لیست بەژداری پرۆسەکەیان کردوە، سەرنجام (16) لیست توانیان سەرکەوتن بەدەستبێنن و بگەن بە پەرلەمان، ڕێژەی بەژداری دەنگدەر لەم خولە بەڕێژەی (59%) بوە. بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان کۆی گشتی (3798360) کەس دیاریکراوە بۆ دەنگدان بۆ خولی شەشەمی پەرلەمان، بەڵام لەبەرئەوەی دەنگدان ئەلیکترۆنی بو (2899578) کەس بایۆمەتری کردبو مافی دەنگدانیان هەبوە. خشتەی ژمارە (1)

خشتەی ژمارە (1)

ڕێکەوت و ڕێژەی بەژداری لە هەڵبژاردنی خولەکانی پەرلەمان

| خولەکانی هەڵبژاردن | ڕێکەوتی | ساڵ | ژمارەی دەنگدەر | ژمارەی دەنگدەری | ڕێژەی بەژداری | ژمارەی بنکەی |
|---|---|---|---|---|---|---|


| | | | | بەژداربو | % | دەنگدەر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خولی یەکەم | 5 /22 | 1992 | 1112000 | 967229 | 87.4 | 176 |
| خولی دوەم | 1/30 | 2005 | 2290736 | 1753919 | 75.6 | 1019 |
| خولی سێیەم | 7/25 | 2009 | 2518773 | 1876196 | 74.5 | 1149 |
| خولی چوارەم | 9/21 | 2013 | 2803283 | 1950130 | 73.9 | 1249 |
| خولی پێنجەم | 9/3 | 2018 | 3085000 | 1556783 | 59 | 1260 |
| خولی شەشەم | 10/20 | 2024 | 3798360 | 1887880 | 72 | 1431 |

سەرچاوە: پشت بەستن بە 1-کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامی هەڵبژاردنی خولەکانی (4-5)

2-پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن، بانکی زانیاریKIE

شێوەی ژمارە (1)

ڕێژەی بەژداری دەنگدەران لە خولەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان




پشت بەستن بەخشتەی ژمارە (1)

تێروانین لە خشتەی ژمارە (1) بەژداریکردنی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان  لە هەڵبژاردنی خولی یەکەم بۆ خولی پێنجەم دەبینین ڕێژەی بەژداریکردن لە کەمبونەوەدایە بەشێوەیەك ڕێژەی بەژداری لە خولی یەکەم بەرێژەی (87.4%) بوەو ڕێژەی بەژدار بوی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە خولی پێنجەم دابەزیوە بۆ (59%)  بەردەوام ڕوی لە دابەزین کردوە، واتە بەرێژەی (28.4%) ڕێژەی بەژداری دەنگدەران کەمیکردوە، بەڵام ڕێژەی بەژداریکردانی دەنگدەران لەم خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بەرزبۆتەوەبۆ (72%) ئەمەش بەهۆی کێبڕکێی حزبی و ململانێی حزبییەوە زۆرتین  بانگەشەیان کردوە تاکو بتوانن بەهەمو شێوەیەك زۆرترین ڕێژەی دەنگدان بۆ حزبەکانیان مسۆگەر بکەن.

لە ڕوانگەی جوگرافیای ڕامیاریەوە پەرلەمانی کوردستان یەکێکە لە پایە بەهێزەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەم دامەزراوە نیشتمانیە دەبێت ڕۆڵی بەهێز بگێڕێت لە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان و عێراق، بەڵام بەداخەوە لە ماوەی 32 و ساڵ حکومڕانی دەسەڵاتی کوردیی تەنها پێنج خولی هەڵبژاردن ئەنجام دراوە دەبوایە بەلایەنی کەم زیاتر لە 7 خولی هەڵبژاردن ئەنجام بدرایە، درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی پەرلەمان بوە بەکەلتور لە هەرێمی کوردستان بەجۆرێك لە ماوەی سێ خولی پەرلەمانیدا بۆ ماوەی شەش جار تەمەنی پەرلەمان درێژکراوەتەوە.

**باسی سێیەم: هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان**

بەپێی ڕاپۆرتیماڵپەڕی حدث عەرەبی (63) وڵاتی جیهان لەساڵی 2024 هەڵبژاردن ئەنجام دەدەن بەبەشداری زیاتر لە دو ملیار کەس ئەم پرۆسە نیشتمانییە بەڕێوەدەچێت، هەرێمی کوردستان هەرچەندە لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهان وڵات نییە، بەڵام لە چوارچێوەی وڵاتی عێراقی فیدراڵدایە، بەژداری لەهەڵبژاردن کردوە، پاش دیاریکردنی چەندین ڕێکەوتی بۆ ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە سەرۆکی هەرێم پێنجەمین مەرسومی هەرێمی بۆ دیاریکردنی ڕێکەوتی هەڵبژاردن لە ڕۆژەی (6/26/ 2024) ڕێکەوتی 2024/10/20 دیاریکرد بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، دواتر لە ڕێکەوتی 2024/10/20 بەبەژداری (3798360) کەس مافی دەنگدانیان هەبو ئەم پرۆسە نیشتمانییە بەڕێوەچو، بەبەژداری (139) لیست وتێدا دو هاوپەیمانی و(84) کاندیدی سەربەخۆ دیاریکرا. کەتێدا کورسییەکانی پەرلەمان دابەشکرابو بەسەر چواربازنەی هەڵبژاردن.

هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی 2024/10/20 بەڕێوەچو لەوەرزی پایز بو لەڕوی کەشوهەواوە زۆر گونجاو بو پلەکانی گەرمی مام ناوەندبو، کاریگەری باشی هەبوە لەسەر ڕێژەی بەژداری دەنگدەران، هەروەها بونی ئارامی و ئاسایش لە هەرێمی کوردستان بەراورد بەناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق ڕۆڵی گەورەی هەبوە لە ڕێژەی بەژداریکردن لە هەڵبژاردنەکە، هەروەها لە هەرێمی کوردستان لەڕوی دابەشبونی ژینگەیەوە زۆرترین ڕێژەی دانیشتوان لەشارەکاندا دەژین بەراورد بە لادێکان کە ڕێژەی شارنشین (84%) بوە و ڕێژەی گوندنشین (16%) بوە لەساڵی 2024(دەستەی ئاماری هەرێم،2024) ئەوانەی لەشارەکاندا دەژین بونی ڕێگاوبانی پێویست و هۆی گواستنەوەو نزیکی لە بنکەکانی دەنگدان وایکردوە ڕێژەی بەژداری زیاتربێت بەرزی ڕێژەی تەمەنی مام ناوەند لە نێو دانیشتوانی هەرێمی کوردستان وایکردوە زیاتر چینی گەنج و بەتوانا زیاتر بەژداربن لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان.

هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان جیاوازە لەگەڵ خولەکانی تری هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان چ لەڕوی سیستەمی بازنەیی ودابەشکاری کورسییەکان و بەئەلیکترۆنیکردنی ئەم هەڵبژاردنە لەڕوی دەنگدانەوە، بۆ یەکەمین جارە لە هەرێمی کوردستان لەسیستەمی یەك بازنەی هەڵبژاردنەوە کراوە بۆ چواربازنەی هەڵبژاردن و واتە پێشتر دەنگی پارت و لیستەکان لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان کۆدەکرایەوەو دابەشی کورسییەکان دەکرا، بەڵام لەسیستەمی بازنەیدا بۆ ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان دەنگی هەر پارتێك تەنها لەبازنەی خۆی هەژماردەکرێت کە بۆی دیاریکراوە.

**یەکەم/ پێورەکانی دابەشکردنی بازنەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بۆ خولی شەشەمی پەرلەمان**

**بازنەی هەڵبژاردن:** ئەو ناوچە جوگرافییە بۆ مەبەستی هەڵبژاردن سنوررەكەی دیاریدەكرێت، كە ژمارەیەكی دیاریكراو دەنگدەری هەیە و كورسییەك یان چەند كورسییەكی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆ ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەكان، ڕوبەر و ژمارەی كورسییەكانی هەربازنەیەكی هەڵبژاردن بەپێی سیستەمی هەڵبژاردنی دەوڵەتان و بنەما یاساییەكانی دابەشكردنی كورسییەكان دەگۆڕێت، بۆ نمونە لە وڵاتی یەمەن ژمارەی بازنەكان یەكسانە بەژمارەی كورسییەكانی پەرلەمان، بەڵام لە هۆڵندا و ئیسرائیل هەمو وڵات یەك بازنەی هەڵبژاردنە، لە عێراقیش دەوڵەت دابەشكراوە بۆ (18) پارێزگا هەر پارێزگایەك بازنەیەكی هەڵبژاردنە. (فتح الله،2016، 107)

1- پێوەری دەستوری و قانونی واتە بەپێی دەستور یان یاساكانی هەڵبژاردن قەبارەی بازنەی هەڵبژاردن و ژمارەی كورسییەكانی دیاریدەكرێت، بۆنمونە لەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵی 2018 هەر پارێزگایەك بەبازنەیەكی هەڵبژاردن دەستنیشان كراوە بۆ هەر پارێزگایەك ژمارەیەك كورسی دەستنیشانكرابو.

2-پێوەری كارگێری واتە بازنەكانی هەڵبژاردن بەپێی یەكە كارگێرییەكان دابەشكراوە ئەو یەكە كارگێڕیانە سنوری شارەوانی شاربێت، لە هەرێمی كوردستان بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان هەرپارێزگایەك بەبازنەیەكی هەڵبژاردن دانراوە لە هەرێمی كوردستان چوار پارێزگا هەیە هەر پارێزگایەك بەبازنەیەكی هەڵبژاردن دانراوە هەر بازنەیەك كاندیدی خۆی هەیە بۆ نمونە هەر دەنگدەرێكی بازنەی سلێمانی ناتوانێت دەنگ بە كاندیدی هەڵەبجە یاخود بازنەی هەولێر و دهۆك بدات.

2- پێوەری دانیشتوان قەبارەی دانیشتوان یەكێكە لە گرنگترین پێوەرەكانی دەستنیشانكردنی بازنەكانی هەڵبژاردن، چونكە هەر ئەندامێكی پەرلەمان نوێنەرایەتی ژمارەیەكی دیاریكراوی دانیشتوان دەكات، هەر كورسییەكی پەرلەمانی دادەنرێت بۆ ژمارەیەكی دیاریكراوی دانیشتوان، بۆ هەر دەنگدەرێك بەپێی یاسای كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان دەبێت تەمەنی لەسەروی (18) ساڵیەوە بێت مافی دەنگدانی دەبێت، گەرچی لەم پرۆسە نیشتمانیەدا بەپێی ژمارەی دانیشتوان بوایە دەبوایە كورسییەكانی پەرلەمان زیاتر بوایە، بەڵام لەم خولەدا ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان لە (111) ئەندامەوە كەم كرایەوە بۆ (100) ئەندام.

بەتێڕوانین لە خشتەی ژمارە (2) كۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی كوردستان(6720598)كەس بوە بۆ دابەش بونی كورسییەكانی پەرلەمانی كوردستان بۆ خولی شەشەم هەر چوار بازنەی هەڵبژاردن كۆی گشتی كورسییەكان (100) كورسی پەرلەمانی دیاریكراوە بە كورسی كۆتاكانی پێكهاتەی نەتەوەكانەوە، بەم شێوەیە (95) كورسی بۆ هەر چوار بازنەكەی هەرێمی كوردستان، بازنەی هەولێر (32) كورسی و بازنەی سلێمانی(36) كورسی و بازنەی دهۆك (24) كورسی و بازنەی هەڵەبجە (3) كورسی (5) بۆ پێكهاتەی نەتەوەكان لە هەرێمی كوردستان دابەشبوە بەسەر بازنەكانی هەڵبژاردن، بەم شێوەیە دابەشبو بەسەر بازنەكانی هەڵبژاردن لە هەرێمی كوردستان، نەتەوەی توركمان دو كورسی یەك كورسی بۆ نەتەوەی توركمان لەبازنەی سلێمانی و یەك كورسی توركمان لەبازنەی هەولێر، و سێ كورسی بۆ پێكهاتەكانی (ئاشوری، سریانی، كلدان) بەم شێوەیە دابەشبو بازنەی هەولێر یەك كورسی و بازنەی سلێمانی یەك كورسی و بازنەی دهۆك یەك كورسی، لەم خولەی پەرلەمان بازنەی هەڵەبجە هیچ كورسیەكی تایبەت بە پێكهاتەكان بۆ تەرخاننەكراوە خشتەی ژمارە(2)

خشتەی ژمارە(2)

ژمارەی کورسی بازنەکانی هەڵبژاردن

| بازنەی هەڵبژاردن | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی دەنگدەر | کۆی گشتی کورسییەکان | ژمارەی کورسی بازنەکان | ژمارەی کورسی بۆ کلدۆ ئاشوری | ژمارەی کورسی بۆ تورکمان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 2431321 | 1022906 | 34 | 32 | 1 | 1 |
| سلێمانی | 2366153 | 1087073 | 38 | 36 | 1 | 1 |
| دهۆك | 1796218 | 723747 | 25 | 24 | 1 | - |
| هەڵەبجە | 126906 | 60252 | 3 | 3 | -- | - |
| کۆی گشتی | 6720598 | 2893978 | 100 | 95 | 3 | 2 |

1- جمهورية العراق، المفوضية العليا المستقلة اللانتخابات, من قانون المفوضية العليا المستقلة اللانتخابات رقم (31) من المادة 10 ثامنا. تم أقرار هذة التعليمات من قبل مجلس المفوضين بتاريخ 3/6 /2024.

2-وةزارة التخطيط هيئة أحصاء اقليم كوردستان الاسقاطات السكانية لاقليم كوردستان العراق للفترة (2009-2020)، قسم السكان والقوى العاملة، 2024

## دووەم: دەرئەنجامی دەنگدانی گشتی و دەنگدانی تایبەت

**1- دەنگدانی تایبەت** لە ڕێکەوتی 2024/10/18 دەستپێکرد بەچاودێری نوێنەری قەوارەو لایەنە سیاسییەکان و چاودێران بەبەژداری (215960) دەنگدەر بۆ ئەم خولەی پەرلەمان دابەشببون بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردن بەم شێوەیە بازنەی هەولێر (89791) دەنگدەر بازنەی سلێمانی (78661) دەنگدەر بازنەی دهۆك (40956) دەنگدەر و بازنەی هەڵەبجە(952) دەنگدەر و بەشێوەیەکی گشتی ڕێژەی دەنگدەران گەیشتوە بە (97%) هەروەها ژمارەی دەنگدەری ژن لەنێو دەنگدانی تایبەت (4748) دەنگدەری ژن بوە، ورێژەی (91%) دەنگدەرانی هێزە ئەمنییەکان خوێندەوار بونە، بەشێك لە هێزە ئەمنیەکان لە شوێنی کاری خۆیان توانیان دەنگ بدەن بەتایبەت لەپارێزگاکانی عێراق کە ژمارەیان (5600) دەنگدەر. ئەو بنکانە تایبەت بەهێزە ئەمنیەکان دەوامی فەرمییان لە پارێزگاکانی حکومەتی عێراقن وەکو پارێزگای (بەغداد و واست و صلاح الدين و دیالەو ئەنبار و کەرکوك و نەینەوا) لەم ناوچانە کۆی گشتی 5600 دەنگدەری هێزە ئەمنیەکان هەبوەو کۆی گشتی 12 بنکەی دەنگدانیان بۆ تەرخانکراوەو بۆ دەنگدان و ڕێژەی دەنگدان 97% بوە، زۆرترین ئەو دەنگانەی هەردو لیستی (190)ی پارتی دیموکراتی کوردستان و لیستی (129)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەدەستیان هێناوە لەدەنگدانی تایبەت بوە، چونکە هێزی سەربازی حزبین و فەرمانیان لەلایەن حزبەکانیانەوە بۆ دێت و لەژێر فەرمان وچاودێری حیزبدا دەنگ دەدەن بەلیستی حیزبەکەیان و ئەوانەشی دەنگیان نەداوە بەو لیستەی بۆیان دیاریکراوە واتە هی حیزبەکانیان ڕەنگە لەئایندەدا لێپرسینەوەیان لێبکرێت. خشتەی ژمارە (3)

**2- دەرئەنجامی دەنگدانی گشتی:** لە ڕێکەوتی 2024/10/20 لە کاتژمێر 7ی بەیانی دەستپێکرد، کۆی گشتی (2683618) دەنگدەری گشتی هەبوە بۆ ئەم خولەی پەرلەمان دابەشببون بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردن بەم شێوەیە بازنەی هەولێر(933115) دەنگدەر بازنەی سلێمانی (1008412) دەنگدەر بازنەی دهۆك (682791) دەنگدەر و بازنەی هەڵەبجە (599300) دەنگدەر، زۆرترین ڕێژەی دەنگدانی گشتی لە بازنەی سلێمانییە خشتەی ژمارە (3)

خشتەی ژمارە (3)

ژمارەی دەنگدەران و دەنگدەری تایبەت و گشتی بۆ خولی شەشەمی پەرلەمان

| بازنەکان | **گشتی** | **تایبەت** | کۆ | ژمارەی دەنگیدراو | ڕێژەی گشتی | کۆی گشتی بنکەی دەنگدان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی دەنگدەر | ژمارەی دەنگدەر | ژمارەی دەنگدەر | کۆی گشتی | ڕێژەی دەنگدان% | |
| هەولێر | 933115 | 89791 | 1022906 | 669273 | 65.4 | 560 |
| سلێمانی | 1008412 | 78661 | 1087073 | 626224 | 57.6 | 543 |
| دهۆك | 682791 | 40956 | 723747 | 548015 | 75.7 | 297 |
| هەڵەبجە | 599300 | 952 | 60252 | 38936 | 64.6 | 28 |
| ئەوانی تر | 0 | 5600 | 5600 | 5432 | 97 | 12 |
| کۆی گشتی | 2683618 | 215960 | 2899578 | 1887880 | %72 | 1431 |

سەرچاوە: المفوضیة العلیا المستقلة اللانتخابات، ملخص انتشار مراکز الاقتراح للانتخابات برلمان کوردستان، 2024، غیر المنشوره

## باسی چوارەم:  دابەشبونی جوگرافی بازنەکانی هەڵبژاردن و دەرئەنجامی کورسی بەدەستهاتوی بازنەکان

### یەکەم: بازنەی هەولێر

کۆی گشتی ژمارەی دەنگدەرانی بازنەی هەولێر پێکهاتوە لە (1022906) کەس کەمافی دەنگدانیان هەبوە، هەولێر پایەختی هەرێمی کوردستانە پێکهاتوە لە دەنگدەرانی قەزای ناوەند و قەزاکانی سۆران و شەقڵاوە و خەبات و ڕەواندز و چۆمان و مێرگەسور و کۆیە و دەشتی هەولێر و سەرجەم  دەنگدەرانی ناحییەکان و گوندەکانی ئەم پارێزگایە دەگرێتەوە، ئەم بازنەیە کۆی گشتی کورسییەکانی بێجگە لە کورسی تایبەت بۆ کەمینەکان (32) کورسییە، لیستە براوەکانی ئەم پارێزگایە لیستی ژمارە 190ی پارتی دیموکراتی کوردستان براوەی یەکەمە کۆی گشتی دەنگەکانی (347786) دەنگی بەدەستهێناوە و (17) کورسی لەم پارێزگایە بەدەستهێناوە چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرترین ڕێژەی دەنگدەری هەبوە لەم ناوچەیە و هێزی یەکەمیشە لەسنوری پارێزگای هەولێر، شۆڕشی بارزانییەکان هەر لەم پارێزگایەوە سەریهەڵداو بڵاوبۆیەوە بۆ ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان خاوەنی مێژوییەکی دێرینە لە مێژوی بەڕێوبردنی پارێزگای هەولێر و ئەم حیزبە زۆرترین موچەخۆر و لایەنگری حیزبی هەیە لەسنوری ئەم پارێزگایەدا کە باوەڕیان بەبەرنامە و پرۆگرامی حزبەکەیان هەیە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەپلەی دوەم دێت کۆی گشتی دەنگە بەدەستهاتوەکانی (111102) دەنگە کە دەگاتە (6) کورسی پارێزگای هەولێر، نەوەی نوێ بەپلەی سێیەم دێت کە (3) کورسی پەرلەمانی لەم پارێزگایە بەدەستهێناوە.

کەمترین کورسی لەم پارێزگایە بەدەستهاتبێت لەم پرۆسەیدا بەرەی گەلە، چونکە بۆ یەکەم جارە بەژدارەبێت لەپرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، خشتەی ژمارە (4) هیچ کاندیدێکی سەربەخۆ لەم پارێزگایە نەیانتوانیوە دەنگی پێویست بەدەستبهێنێت و ببێت بەخاوەنی کورسی پەرلەمانی بۆ ئەم خولەی پەرلەمان.

خشتەی ژمارەر (4)

ژمارەی دەنگ و کورسیەبەدەستهاتوەکانی بازنەی هەولێر

| ژمارەی لیست | ناوی لیست | ژمارەی دەنگ | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| 190 | پارتی دیموکراتی کوردستان | 347786 | 17 |
| 129 | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 111102 | 6 |
| 157 | نەوەی نوێ | 104222 | 5 |
| 148 | یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان | 24178 | 1 |
| 147 | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | 20265 | 1 |
| 161 | هەڵوێست | 16871 | 1 |
| 169 | بەرەی گەل | 9776 | 1 |
| کۆی گشتی | | | 32 |

المفوضية العليا المستقلة اللانتخابات، النتائج النهائيه، لانتخابات برلمان أقليم كوردستان، العراق،2024/10/30

**دووەم: بازنەی سلێمانی**

کۆی گشتی ژمارەی دەنگدەرانی بازنەی سلێمانی پێکهاتوە لە (1087073) کەس کەمافی دەنگدانیان هەبوە ئەم بازنەیە سەرجەمی پارێزگای سلێمانی دەگرێتەوە، زۆرترین دەنگدەری تێدایە پێکهاتوە دەنگدەرانی قەزای ناوەندی سلێمانی و قەزاکانی چەمچەمال و ڕانیە وقەڵادزێ و سیدصادق و کەلار و کفری و شاربازێڕ و ماوەت و شارەزورو دوکان و قەرەداغ و دەربەندیخان و پێنجوێن و سەرجەم دەنگدەرانی ناحیەکان و گوندەکانی ئەم قەزایانە دەگرێتەوە، ئەم بازنەیە کۆی گشتی کورسییەکانی بێجگە لە کورسی تایبەت بۆ کەمینەکان (36) کورسیە، لیستە براوەکانی ئەم بازنەیە لیستی ژمارە 129ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان براوەی یەکەمە کۆی گشتی دەنگەکانی (257359) دەنگی بەدەستهێناوە و (15) کورسی لەم پارێزگایە بەدەستهێناوە، چونکە زۆرترین ڕێژەی دەنگدەری هەبوە لەم ناوچەیە و هێزی یەکەمیشە لەسنوری پارێزگای سلێمانی، خاوەنی مێژویەکی دێرینە لەمێژوی بەڕێوبردنی ئەم پارێزگایەو جۆرو بەرنامەی حیزبەکەو خەباتی حیزبەکە و کەسایەتی سەرکردەکەی وژمارەی ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی بەلایەنگرو هاونیشتمانیانی خۆی کردوە لە سنوری پارێزگای سلێمانی کاریگەری گەورەی هەبوە لە زۆرترین ڕێژەی ئەو دەنگانەی بەدەستهاتوە بۆ ئەم خولەی پەرلەمان.

نەوەی نوێ بەپلەی دوەم دێت کۆی گشتی دەنگە بەدەستهاتوەکانی (136447) دەنگ کە دەگاتە (8) کورسی بازنەی سلێمانی چونکە ئەم لیستە لەخولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستاندا ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی بینوەو ئەوانەی دەنگیان بەم لیستەداوە بڕوایان وایە حزبی ئۆپۆزسیۆن پێویستیە لە ئێستادا بۆ پەرلەمانی کوردستان، زۆربەی حیزبەکامی ئۆپۆزسیۆن لە سنوری سلێمانیەوە دروست بون لەمێژوی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، و پارتی دیموکراتی کوردستان بەپلەی سێیەم دێت کە (3) کورسی پەرلەمانی لەم بازنەیە بەدەستهێناوە، کەمترین کورسی بەدەستهاتبێت لەم پرۆسەیدا هاوپەیمانی هەرێمی کوردستانە خشتەی ژمارە (4) هیچ کاندیدێکی سەربەخۆ لەم بازنەیە نەیانتوانیوە دەنگی پێویست بەدەستبهێنن و ببن بەخاوەنی کورسی پەرلەمانی.

خشتەی ژمارەر (4)

ژمارەی دەنگ و کورسی بەدەستهاتوی بازنەی سلێمانی

| ژمارەی لیست | ناوی لیست | کۆی دەنگ | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| 129 | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 257359 | 15 |
| 157 | نەوەی نوێ | 136447 | 8 |
| 190 | پارتی دیموکراتی کوردستان | 57916 | 3 |
| 148 | یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان | 42687 | 3 |
| 147 | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | 36707 | 2 |
| 161 | هەڵوێست | 29416 | 2 |
| 169 | بەرەی گەل | 20355 | 1 |
| 114 | گۆڕان | 9736 | 1 |
| 133 | هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان | 8399 | 1 |
| کۆی گشتی | | | 36 |

المفوضية العليا المستقلة اللانتخابات، المصدر صابق

## سێیەم: بازنەی دهۆك

کۆی گشتی ژمارەی دەنگدەرانی بازنەی دهۆك پێکهاتوە لە (723747) کەس کەمافی دەنگدانیان هەبوە، دەنگدەرانی ئەم بازنەیە پێکهاتوە لە قەزای ناوەندی دهۆك و قەزاکانی زاخۆ و سێمێل وئاکرێ و شێخان و ئامێدی و بەردەڕەش و سەرجەم دەنگدەرانی ناحیەکان و گوندەکانی ئەم پارێزگایە دەگرێتەوە، ئەم بازنەیە کۆی گشتی کورسییەکانی بێجگە لە کورسی تایبەت بۆ کەمینەکان (24) کورسی لیستە براوەکانی ئەم پارێزگایە لیستی ژمارە 190ی پارتی دیموکراتی کوردستان براوەی یەکەمە کۆی گشتی دەنگەکانی (402152) دەنگی بەدەستهێناوە و ژمارەی کورسی (18) کورسی لەم بازنەیە بەدەستهێناوە چونکە زۆرترین ڕێژەی دەنگدەری هەبوە لەم ناوچەیە و هێزی یەکەمیشە لەسنوری پارێزگای دهۆك، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەنی مێژویەکی دێرینە لە بەڕێوبردنی پارێزگای دهۆك ئەم پارێزگایە ڕۆڵی گەورەی هەبوە لە مێژوی حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەشێکی زۆریان گرنگی زۆر دەدەن بەبەرنامە و ئایدیۆلۆجیا و پەیرەوی حزبی لەئێستاشدا ئەو کاریگەریە لەسەریان دەردەکەوێت.

نەوەی نوێ بەپلەی دوەم دێت کۆی گشتی دەنگە بەدەستهاتوەکانی (46631) دەنگ کە دەگاتە (2) کورسی بازنەی دهۆك، چونکە وەك ئاماژەمانپێکرد لەخولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستاندا ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی بینیوە بۆیە بەشێك لە دانیشتوانی ئەو پارێزگایە دەنگیان بەو لیستە داوە، بەئامانجی ئەوەی بتوانێت لە ئایندەدا لە خزمەتی هەرێمی کوردستاندابێت، یەکگرتوی ئیسلامی بەپلەی سێیەم دێت کە (2) کورسی پەرلەمانی لەم پارێزگایە بەدەستهێناوە، کەمترین دەنگی کورسییە بەدەسهاتو لەم بازنەیە لەم پرۆسەیدا بەرەی گەلە خشتەی ژمارە (5) هیچ کاندیدێکی سەربەخۆ لەم پارێزگایە نەیانتوانیوە دەنگی پێویست بەدەستبهێنن و ببن بەخاوەنی کورسی پەرلەمانی بۆ ئەم خولەی پەرلەمان.

خشتەی ژمارە (5)

دەنگی بەدەستهاتو لیستە براوەکانی بازنەی دهۆك

| ژمارەی لیست | ناوی لیست | ژمارەی دەنگ | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| 190 | پارتی دیموکراتی کوردستان | 402152 | 18 |
| 157 | نەوەی نوێ | 46631 | 2 |
| 148 | یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان | 42732 | 2 |
| 129 | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 28557 | 1 |
| 161 | هەڵوێست | 8438 | 1 |
| کۆی گشتی | | | 24 |

المفوضية العليا المستقلة اللانتخابات، المصدر صابق

## چوارەم: بازنەی هەڵەبجە

ئەم بازنەیە پێکهاتوە لە قەزای ناوەندی و سەرجەم ناحیەکانی، کۆی گشتی ژمارەی دەنگدەرانی بازنەی هەڵەبجە پێکهاتوە لە (60252) کەس کەمافی دەنگدانیان هەبوە، ئەم بازنەیە کۆی گشتی کورسییەکانی (3) کورسیە، لیستی ژمارە 129ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان زۆرترین ژمارەی دنگی بەدەستهێناوە براوەی یەکەمە کۆی گشتی دەنگەکانی (12530) دەنگی بەدەستهێناوە و ژمارەی کورسی (1) کورسی لەم بازنەیە بەدەستهێناوە، چونکە زۆرترین ڕێژەی دەنگدەری هەبوە لەم ناوچەیە و هێزی یەکەمیشە لەسنوری پارێزگای هەڵەبجە، ئەم ناوچەیە بەشێکی سەرەکی زۆنی سەوزەو یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕۆلی سەرەکی بینیوە لە بەرێوبردنی ئەم پارێزگایە.

یەکگرتوی ئیسلامی بەپلەی دوەم دێت کۆی گشتی دەنگە بەدەستهاتوەکانی (7847) دەنگی بەدەستهێناوە کە دەگاتە (1) کورسی بازنەی هەڵەبجە، چونکە ناوچەیەکی گرنگی مەڵبەندی گەورەی تەریقەتی نەقشبەندی لەبواری خواناسی و ئەدەبیات ڕۆشنبیری هەیە و خەنەقای بیارەو ناوەندێکی زانستی و ئاینی بوە و لەکۆنەوە ئەم ناوچەیە مۆرکێکی ئاینی و ڕۆشنبیری ئیسلامی هەبوە و خزمەتێکی گەورەی بەزانستی ئیسلامی کردوە و ڕۆڵی گەورەی هەبوە لە ڕاکێشانی گەشتیاری ئاینی لەناوچەکانی تری کوردستان بۆ سەردان و مەراسیمە ئاینییەکان(مارف و ئەوانی تر،2019، 104) بۆیە حزبی یەکگرتوی ئیسلامی پلەی دوەمی هێناوە لەم بازنەیە، هەروەها پێگەی شوێن و جوگرافی ناوچەکە و نزیکی لە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کاریگەری زیاتر بوە، و پارتی دیموکراتی کوردستان بەپلەی سێیەم دێت کە (1) کورسی پەرلەمانی لەم بازنەیە بەدەستهێناوە، کە ئەویش بەکورسی کۆتاکان بۆ ژن دیاریکرا، خشتەی ژمارە (6)

خشتەی ژمار (6)

ژمارەی دەنگ و کورسی بەدەستهاتوی بازنەی هەڵەبجە

| ژمارەی لیست | ناوی لیست | ژمارەی دەنگ | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| 129 | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 12530 | 1 |
| 148 | یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان | 7847 | 1 |
| 190 | پارتی دیموکراتی کوردستان | 4940 | 1 |
| کۆی گشتی | | | 3 |

المفوضية العليا المستقلة اللانتخابات، المصدر صابق.

لەخولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان فاکتەری ئابوری و کۆمەڵایەتی ڕۆڵی گەورەی هەبوە لە ڕێژەی بەژداریکردنی دەنگدەران بۆ ئەم خولەی پەرلەمان چونکە ئابوری هۆکارێکی کاریگەرە لەژیانی سیاسی هەر ولاتێك لەوڵاتانی جیهان بەتایبەت وڵاتانی جیهانی سێیەم، لەبەرئەوەی سیاسەت کاردانەوەی بارودۆخی ئابوری وڵاتە بۆ بەدیهێنانی گەشەی ئابوری و پەرەپێدانی ئابوری کە دەبێتە هۆی باشترکردنی بارودۆخی ژیانی هەمو چینەکانی کۆمەڵگا و بەتایبەت چینی هەژاران کە توێژێکی بەرفراوان و کاریگەرن لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن، لە بەریتانیا حزبی کرێکاران لەو ناوچانەی کرێکاری تێدا نیشتەجێیە دەنگی زۆر بەدەستدەهێنن لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردن، بەڵام حزبی پارێزگاران زیاتر دەوڵەمەندەکان دەنیانپێدەدەن و کاریگەری ئەم لایەنە بەزۆری لەناوچەی گوندنشیەنەکاندا زیاتر هەستی پێدەکرێت (حمد، 2017، 108)، دەنگدەرانی ئەم خولەی پەرلەمان بەئامانجی باشترکردنی بارودۆخی ئابوری لە هەرێمی کوردستان بەژداریانکردوە لە پرۆسەکە، چونکە لەماوەی زیاتر لە (10) ساڵە بارودۆخی ئابوری هەرێمی کوردستان بەهۆی کێشەی نێوان حکومەتی عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئاستێکی باش و پێویستدا نەبوەو بەهۆی بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و نەناردنی لەکاتی خۆیدا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە و پێنەدانی موچە لەکاتی خۆیدا بە مامۆستایان و فەرمانبەران لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، هەروەها بەهۆی هاتنی گروپی چەکداری داعش بۆ سەر خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەمەش کاردانەوەی لەسەر ژیانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستاندا هەبوە. هەروەها بەخشینەوەی پارەو ئۆتۆمبیل و چەك و دیاری لەکاتی بانگەشەی ئەم پرۆسەیدا بە بەشێك لەو کەسانەی کەپێگەی کۆمەڵایەتی و لایەنگریان هەیە بەتایبەت لەلایەن حزبە باڵادەستەکان بۆ ئەوەی زۆرترین ڕێژەی دەنگ بەدەستبهێنن بەمەش کاریگەری هەبوە لەسەر بەرزی ڕێژەی دەنگدەران.

فاکتەری کۆمەڵایەتی (خێڵ، خێزان، دراوسێ، عەشیرەت) کاریگەری هەبوە لەسەر ڕێژەی بەژداریکردن لەئەم پرۆسە نیشتمانیەدا، حزب و لایەنە سیاسیەکان ئەو کەسانەیان پاڵێوراو کربو کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی هەبوەو سەر بە بنەماڵەو عەشیرەتێکی ناسراو بونە، سەرەڕای کرانەوەی هەرێمی کوردستان و عێراق بەڕوی جیهاندا، بەڵام هێشتا ئینتما بۆ خێل و عەشیرەت هەرزاڵە بەسەر کۆمەڵگای کوردی و عێراقیدا، بۆیە حزبەکان و لایەنە سیاسییەکان ئەو کاندیدانەیان بەزۆرری دەستنیشان کردوە کە خاوەنی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و جەماوەری بەهێزن، بەتایبەت لە سنوری قەزاو ناحیەکان و گوندەکان و بەشێك لەسەنتەری پارێزگاکان ئەم فاکتەرە کاریگەری زۆری هەبوە لە بەدەستهێنانی زۆرترین ڕێژەی دەنگدەران بۆ حزب و لایەنە سیاسییەکان، بەداخەوە ئاستی زانستی و بڕوانامە و ئەزمونی کارکردنی پاڵێوراو زۆر گرنگی پێنەدراوە.

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بەتێڕوانین لە خشتەی ژمارە (7) دەبینین لیستی ژمارە (190)ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆتە خاوەنی (39) کورسی واتە لەڕوی ڕیزبەندیوە بەپلەی یەکەم دێت لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەم خولەی پەرلەمان خاوەنی زۆرترین کورسی پەرلەمانییە بەپێی دەرئەنجامی هەڵبژاردن بەپلەی یەکەم دێت، هۆکاری ڕامیاری ناوخۆی وەکو بەرنامەو ئایدیۆلۆجیای حیزبەکە لای دەنگدەران وایکردوە زیاتر دەنگ بەدەستبهێنێت هەروەها زۆربەی دەسەڵاتی بەڕێوبردن لەهەرێمی کوردستان لای ئەم حیزبەیە وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و چەندین وەزارەتی گرنگ بەتایبەت وەکو وەزارەتی ناوخۆ هەروەها خاوەنی هێزی حیزبی یەکەی هەشتایە زۆرترین ئەو دەنگانەی بەدەستیهێناوە لە دەنگدانی هێزە ئەمنییەکان

بوە، بەپێی دەرئەنجامی هەڵبژاردن بەپلەی یەکەمە هەروەها زۆرترین دەنگ و کورسی بەدەستهاتوی لەناوچەکانی زۆنی زەردە لە بازنەی دهۆکەو کەمترین دەنگ و کورسی بەدەستهاتوی لە بازنەی هەڵەبجەیە.

لیستی ژمارە (129)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بەپلەی دوەم دێت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بۆتە خاوەنی (23) کورسی پەرلەمانی واتە لەڕوی ڕیزبەندیوە بەپلەی دوەم دێت بۆ ئەم خولەی پەرلەمان، زۆرترین دەنگ و کورسی بەدەستهاتوی لە زۆنی سەوزە بەتایبەت بازنەی سلێمانییە، چونکە زۆرترین دەنگدەری هەیە لەو سنورە و لەڕوی دەسەڵات و بەڕێوبردنەوە لەم زۆنەدا حاکم و دەسەڵاتی یەکەمە هۆکاری ڕامیاری ناوخۆیی ڕۆڵی گەورەی هەبوە لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان وەکو جۆری بەرنامەی پارتەکەو دێرینی خەباتی حیزب و ئایدیۆلۆجیای حزبەکەو کەسایەتی سەرۆکەکەی ڕۆڵی گەورەی هەبوە لەبەدەستهێنانی زۆرترین دەنگدا، و هەروەها بەژدارە لە کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەتایبەت پۆستە گرنگەکانی وەکو جێگری سەرۆکی هەرێم و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گەورەترین دەسەڵاتی یاسادانان وەکو سەرۆکی پەرلەمان لای ئەم حیزبەیە و چەندین وەزارەتی گرنگ بەتایبەت وەکو وەزارەتی پێشمەرگەیە لای ئەم حیزبەیە هەروەها خاوەنی هێزە بەتایبەت وەکو هێزی سەربازی یەکەی حەفتای سەربە وەزارەتی پێشمەرگەیە ئەم وەزارەتە پایەکی بەهێز و گرنگی ئاسایشی نەتەوەییە لەهەرێمی کوردستان.

لیستی ژمارە (157)ی نەوەی نوێ لە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بەپلەی سێیەم دێت بۆتە خاوەنی (15) کورسی پەرلەمانی واتە لەڕوی ڕیزبەندیوە بەپلەی سێیەم دێت بۆ ئەم خولەی پەرلەمان ئەم حیزبە لەساڵی 2018 لەلایەن شاسوار عبدالواحد دامەزراوە، و کەسێکی بازرگانە و خەڵکی سلێمانییە و خاوەنی گروپی کۆمپانیاکانی نالیا و شاری یاری گەشتیاری چاڤیلاندە لەسلێمانی، لەخولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بەژداربوەو وەکو حزبێکی ئۆپۆزسیۆن خاوەنی (8) کورسی پەرلەمانی بوە و ڕۆڵی سەرەکی هەبوە لە پەرلەمانی کوردستان، بۆیە لە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ژمارەی دەنگدەران و کورسیەکانی زیاتر بەرزبوەوە بۆ (15) کورسی لەم خولەی پەرلەمان بەدەستهێناوە زۆرترین کورسی بەدەستهاتوی لە بازنەی سلێمانیە کە (8) کورسی پەرلەمانییە.

بەتێڕوانین لە نەخشەی ژمارە (2) دەبینین لیستی ژمارە (190)ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بازنەی دهۆك بەڕێژەی (75%)ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە کەئەمەش زۆرترین ڕێژەی دەنگدانە کە دەگاتە (18) کورسی بازنەی دهۆك و (53%)ی دەنگەکانی بازنەی هەولێری بەدەستهێناوە کە زۆرترین ڕێژەی دەنگدەرانی ئەو بازنەیەی پێکهێناوەکە دەگاتە (17) کورسی، ئەمەش جگە لەوەی هێزی یەکەمە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و لە هەردو بازنەی دهۆك و هەولێر بەپلەی یەکەم دێت، هەروەها لیستی ژمارە (129)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان پلەی دوەمە و لەسەر ئاستی بازنەکان لەبازنەی سلێمانی بەڕێژەی (41.6%)ی دەنگدەرانی بەدەستهێناوە، و لە بازنەی هەڵەبجە بەڕێژەی (33%)ی دەنگدەرانی بەدەستهێناوە، نەخشەی ژمارە (2)

خشتەی ژمارە (7)

| ژ. لیست | ناوی لیست | **بازنەی هەڵبژاردن** | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | **هەولێر** | | **سلێمانی** | | **دهۆك** | | **هەڵەبجە** | | کۆی گشتی |
| | | ژ.دەنگ | ژ.کورسی | ژ.دەنگ | ژ.کورسی | ژ.دەنگ | ژ.کورسی | ژ.دەنگ | ژ.کورسی | |
| 190 | پارتی دیموکراتی کوردستان | 347786 | 17 | 57916 | 3 | 402152 | 18 | 4940 | 1 | 39 |
| 129 | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 111102 | 6 | 257359 | 15 | 28557 | 1 | 12530 | 1 | 23 |
| 157 | نەوەی نوێ | 104222 | 5 | 136447 | 8 | 46631 | 2 | - | - | 15 |
| 148 | یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان | 24178 | 1 | 42687 | 3 | 42732 | 2 | 7847 | 1 | 7 |
| 161 | هەڵوێست | 16871 | 1 | 29416 | 2 | 8438 | 1 | - | - | 4 |
| 147 | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | 20265 | 1 | 36707 | 2 | - | - | - | - | 3 |


کۆی گشتی ژمارەی دەنگ و کورسی بەدەستهاتوی بازنەکانی هەڵبژاردن

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 169 | بەرەی گەل | 9776 | 1 | 20355 | 1 | _ | _ | _ | - | 2 |
| 114 | گۆڕان | _ | _ | 9736 | _ | _ | _ | _ | _ | 1 |
| 133 | هاوپەیمانی هەرێمی کوردستان | _ | _ | 8399 | 1 | _ | _ | _ | _ | 1 |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | 95 |

المفوضية العليا المستقلة اللانتخابات، النتائج النهائيه، لانتخابات برلمان أقليم كوردستان، العراق،2024/10/30

نەخشەی ژمار(2)

ژمارە و ڕێژەی دەنگ و کورسی بەدەستهاتوی بازنەکانی هەڵبژاردن بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان




سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (7)

**باسی پێنجەم:**

**یەکەم: کورسی پێکهاتەی نەتەوەکان**

بەپێی یاسای پەرلەمانی کوردستان کورسی کۆتاکان دیاریکراوە کە نوێنەرایەتی پێکهاتەکان بکات لە هەرێمی کوردستان ئەوانیش ژمارەیان (11) کورسی بوە، کە بەکورسی کۆتاکان ناسراوبو، لە بڕگەی یەکەم مادەی سی و شەش یاسای ژمارە (2) ساڵی 2009یاسای هەموارکراوی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستنانی -عێراق ژمارە (1) ساڵی 1992یاسای هەموارکراو، بەم شێوەیە کورسییەکان دابەشببو بەسەر پێکهاتەکانی نەتەوەکان لە هەرێمی کوردستان، پێنچ کورسی بۆ پێکهاتەی (ئاشوری، سریانی، کلدان) و پێنج کورسی بۆ تورکمان و یەك کورسی بۆ ئەرمەنەکان( کریم، 2019، 156).

بەهۆی ئەوەی ئەم کورسیانە لەماوەی ڕابردو نەیتوانیوە نوێنەرایەتی حزبی پێکهاتەکان بکات بەشێوەیەکی باش، وبەکارهێنانی ئەم کورسیانە لە پێناو بەرژەوەندی حزبە باڵا دەستەکان دواتر بەپێی بڕیارێکی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، کە ئەم دادگایە بەشێکە لە دەسەڵاتە فیدراڵییەکان بارەگای لە بەغدادی پایتەختە و سەربەخۆیە لەڕوی کارگێڕی و دارایەوە ئەرکی ئەم دادگایە چاودێریکردنی دەستور و یاساو یەکلایکدنەوەی ئەو ناکۆکیانەی لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ و پارێزگاکان و پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنە گشتییەکان و چەندین ئەرکی تر بەپێی سکاڵایەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەستا بە هەڵوەشاندنەوەی کورسی کۆتاکان لە پەرلەمانی کوردستان و دواتر لە ڕێکەوتی 5/20 /2024 دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکانی عێراق بڕیاریدا بەتەرخانکردنی پێنج کورسی بۆ کورسی بۆ پێکهاتەکان لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بەم شێوەیەدابەش بو بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان یەك کورسی بۆ نەتەوەی تورکمان لەبازنەی سلێمانی و یەك کورسی لەبازنەی هەولێر و سێ کورسی بۆ پێکهاتەکانی (ئاشوری، سریانی، کلدان) بەم شێوەیە دابەشبو بازنەی هەولێر یەك کورسی و بازنەی سلێمانی یەك کورسی و بازنەی دهۆك یەك کورسی، لەم خولەی پەرلەمان بازنەی هەڵەبجە هیچ کورسیەکی تایبەت بە پێکهاتەکان بۆ تەرخاننەکراوە، بۆ کورسی کۆتاکان (38) کاندیدی پێکهاتەکان دیاریکران بەم شێوەیە دابەشببو بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردن بازنەی هەولێر (21) (14) تورکمان (7) کریستان، بازنەی سلێمانی (9) کاندید (6)تورکمان (3) کریستان و بازنەی دهۆك (8) کاندیدی کریستان، (المفوضية العليا المستقلة اللانتخابات، مجلس المفوضين)

**دوەم: بەژداری ژن لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان**

هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دیموکراسیەو گرنگی بەژداری و ڕۆڵی ژنانە لە هەڵبژاردن وەك کاندید، دەنگدەر، یان سەرپەرشتیاری پرۆسەکە، یان بەژداری لە پێکهێنانی حکومەت، بۆنمونە پەرلەمانی ئەوروپا (228)ملیۆن کەس واتە (51%) دەنگدەران دەنگیان بەژن داوەو هیچیان بەکۆتا دەرنەچوە و هەروەها (55%)ی پۆستەکانی حکومەت لە وڵاتانی سویدو بەلجیکاو فینلندا ژنان بەڕێوەیدەبەن (قادر، 2024) بەپێی مادەی (5) ژمارە(7) یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەو ڕێژەیەی کە بۆ ژنان دیاریکراوە بۆ ئەم هەڵبژاردنەی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ڕێژەی ئافرەتان لەکۆی (100) ئەندامەکەی پەرلەمان نابێت لە(30%) کەمتربێت، لەکۆی گشتی( 1191) کاندید، ژمارەی کاندیدی ژن(368) ژن بو، لەکۆی گشتی ئەو ژمارە کاندیدە (30) ژن دەرچونەو بەشێکیان بەکورسی ژنان دیاریکراون دەرچونە بۆ ئەم خولەی پەرلەمان بەکورسی کۆتاکانەوە بەپێی بازنەکانی هەڵبژاردن بەم شێوەیە

دابەشبونە، بازنەی هەولێر (10) و بازنەی سلێمانی (11) و بازنەی دهۆك (25) و بازنەی هەڵەبجە (1) ژن.خشتەی ژمارە (8)

ژمارەی کاندیدانی ژن لە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان

| بازنەی هەڵبژاردن | کۆی گشتی کورسی | کورسی ژن |
|---|---|---|
| هەولێر | 34 | 10 |
| سلێمانی | 38 | 11 |
| دهۆك | 25 | 8 |
| هەڵەبجە | 3 | 1 |
| کۆی گشتی | 100 | 30 |

الجمورية العراق، المفوضية العليا المستقلة اللانتخابات، المصدر سابق

### سێیەم: کاندیدی سەربەخۆ

بۆ هەڵبژاردنی ئەم خولەی پەرلەمان (84) کاندیدی سەربەخۆ خۆیان کاندید کرد زۆربەی کاندیدانی سەربەخۆ پێکهاتبو لە کەسانی وەکو مامۆستای زانکۆ و پارێزەر و کەسانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت یوتوبەر و تیکتۆکچی و بەم شێوەیە دابەشببو بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردن، بازنەی هەولێر (29) بازنەی سلێمانی (32) کاندید بازنەی دهۆك (22) کاندید، و بازنەی هەڵەبجە یەك کاندید، (المفوضية العليا المستقلة اللانتخابات) بەڵام هیچ کاندیدێکی سەربەخۆ لەم خولەی پەرلەمان نەیتوانی دەنگی پێویست بەدەستبهێنێت و ببێت بەئەندامی پەرلەمانی کوردستان، هەروەها بەشێکیان لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن کشانەوە لەکاندیدبون، بەهۆی ئەوەی زانیویانە ناتوانن دەنگی پێویست بهێنن.

### باسی شەشەم: لێکەوتەکانی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان

هەڵبژاردن و دیموکراسی دو دوانەی پێویست و لێکدانەبڕاون و شانبەشانی یەکتری و یەکتری تەواودەکەن، ئەمەش مانای وانییە لە هەر شوێنێك هەڵبژاردن ئەنجامدرا ئیتر دیموکراسی شوێنی خۆی گرتوەو هەیە، بەڵکو گرنگی و کاریگەری هەڵبژاردن دەرئەنجام و لێکەوتەکانی لەسەر تەواوی پرۆسەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەردەکەوێت کە تاچەند لەبەهاو پرنسیپەکانی دیموکراسی نزیکبۆتەوە. (جەوهەر، 2018، 127) هەڵبژاردن گرنگی بەهێز و قورسایی خۆی هەیە لەسەر پرۆسەی سیاسی و ئایندەی سیاسەتی وڵات، چونکە هەڵبژاردن ڕێگای یاسایی بەبەژداریکردنی ڕای گشتی دەوڵەت دەدات کە هاوبەش بێت لە بریاری سیاسی و هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتییە گرنگەکان، هەڵبژاردنی خولی شەشەمی کوردستان زۆر گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان و چ لەسەر ئاستی ناوخۆی و هەرێمی و جیهانی، بەتایبەت لەسەر ئاستی ناوخۆیی چونکە لەم ڕێگەیەوە حیزب و پارتەکان بەرنامەی خۆیان دابرێژن بەشێوەیەك لە بەژەوەندی هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستاندا بێت.

لەئێستادا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان داخراوە بەبڕیاری داداگای باڵای فیدراڵی عێراق بۆیە ئاستەنگی کەمی زانیاری ڕاست و دروست هەبوە و کاریگەری زۆری هەبوە لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان هەروەها بەشێکی زۆر لە هاونیشتمانیانی کوردستان دانیشتوی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانن بەڵام کۆبونی خۆراکیان ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانن بۆیە مافی هەڵبژاردنیان نەبوە لەم پرۆسەیەدا، ئەمەش کاریگەری زۆری هەبوە لەسەر کەمبونەوەی دەنگدەران هەڵبژاردنی خولی

شەشەمی پەرلەمانی کوردستان. دەتوانین چەندین لێکەوتەی لێدەستنیشان بکەین لە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان وەکو:

1-گۆڕینی نەخشەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەڕوی سیستەم و بازنەکانی هەڵبژاردن و ژمارەی کورسییەکان

2- زیادبونی کورسی بەتایبەت نەوەی نوێ کە ڕێژەی کورسییەکانی بەرزبۆتەوەلە (8) کورسییەوە بۆ (15) کورسی بەپلەی سێیەم دێت لەپەرلەمانی کوردستان.

3- کەمبونەوەی کورسی کۆمەڵی دادگەری لە (7) کورسیەوە بۆ (3) کورسی و کۆمەڵی دادگەری بڕیاریدا بەژداری دانیشتنەکانی پەرلەمان نەکات و دەرکردن و دورخستنەوەی یەکێك لە ئەندامانی پەرلەمانی لە حیزبەکەی.

4- بەژداریکردنی چەندین لیستی نوێ کەبونەتە خاوەنی کورسی پەرلەمانی وەکو لیستی هەڵوێست کە خاوەنی (4) کورسی و لیستی بەرەی گەل (2) کورسی بۆ یەکەمین جارە بەژدارن لە پرۆسەی هەڵبژاردن لە پەرلەمانی کوردستان.

5- دیاریکردنی پارێزگای هەڵەبجە وەکو بازنەی هەڵبژاردن ئەمەش لەڕوانگەی جوگرافیای ڕامیارییەوە وا دەکات هەڵەبجە خاوەن سەنگ و پێگەی تایبەتی خۆی هەبێت لە نەخشەی پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا.

6- لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن کۆبونەوەی پەرلەمان، لەئایندەدا ڕەنگە لەماوەیەکی دیاریکراو نەتوانرێت حکومەت پێکبهێنرێت و هەروەها لەئەنجامی ڕێکنەکەوتنی لایەنەکان لەسەر پێکهێنانی حکومەت ئەگەری ئەوە هەیە وڵاتانی دراوسێ دەست بخەنە ناو کاروباری هەرێمی کوردستانەوە و بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنرێت کە ئەمەش کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر حکومەتی هەڵبژێراو، بۆیە حکومەتی هەڵبژێراو پابەندو ملکەچی وڵاتانی دراوسێ دەبێت.

7- هەڵوەشاندنەوەی کورسی کۆتاکان کەپێشتر لە بەرژەوەندی حیزبە باڵادەستەکان بەکاردەهات کاریگەری گەورەی هەبوە لەسەر گۆڕینی نەخشەی پرۆسەی هەڵبژاردن لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ یەکەمین جارە لە مێژوی پەرلەمانی کوردستان کورسی کۆتاکان لاببرێت.

8- لێکەوتەکانی ئەم خولەی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەپێکهێنانی حکومەتدا ڕۆڵی گەورەیان دەبێت و زۆرترین پشکی وەزارەت و ڕاوێژکار و بەڕێوبەری گشتیان بەردەکەوێت بەپێی دەرئەنجامی هەڵبژاردن.

9- بەپێی پێشبینیەکان لە ئایندەدا بەشێك لە حزبەکان دەبن بە ئۆپۆزیسۆن لە پەرلەمانی کوردستان بەمەش کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

11- لەئەگەری دواکەوتنی ماوەی دیاریکراو بۆ پێکهێنانی حکومەت ئەوە وا دەکات قەیرانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بێت لە هەرێمی کوردستان و کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر دانیشتوانی هەرێمی کوردستان.

**دەرئەنجام**

1- بنەما جوگرافییەکان وەکو گونجاوی کەشوهەوا بەتایبەت مامناوەندی پلەکانی گەرمی و درێژی ڕۆژ، و چڕی و دابەشبونی دانیشتوان و نزیکی لە بنکەکانی دەنگدان و بونی ڕێگای گواستنەوە و هۆی گواستنەوە و هەروەها بەرزی ڕێژەی تەمەنی مام ناوەند لە هەرێمی کوردستان و ئاسایشی هەرێمی کوردستان وایکردوە ڕێژەی بەژداری لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان زیاتربێت.

2- خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان گۆڕانکارییەکی گەورەیە لە مێژوی پەرلەمانی کوردستان بۆ یەکەمین جارە کورسی پەرلەمان کەم کراوەتەوە لە لە (111) کورسی بۆ (100) کورسی وکەمبونەوەی ئەندامانی پەرلەمان و بارگرانی دارایی و ئابوری بەسەر حکومەتەوە کەمتر دەبێت و بەشێکی زۆری بودجە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت.

3- هەڵوەشاندنەوەی کورسی کۆتاکان و پاشان دانانی پێنج کورسی بۆ پێکهاتەکان لەسەر ئاستی بازنەکان ئەمەش لەبەرژەوەندی پێکهاتەی نەتەوەکاندا دەبێت و بەقازانج و بەرژەوەندی ئەوان دەبێت نەك بۆ بەرژەوەندی حیزبە باڵادەستەکان، لەم خولەشدا دەبن بەنوێنەری ڕاستەقینەی پێکهاتەکان.

4- دیاریکردنی پارێزگای هەڵەبجە وەکو بازنەی هەڵبژاردن ئەمەش لەڕوانگەی جوگرافیای ڕامیاریەوە وا دەکات هەڵەبجە خاوەن سەنگ و پێگەی تایبەتی خۆی هەبێت لە پەرلەمانی کوردستان و نەخشەی پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا.

5- ڕێژەی بەژداریکردنی دەنگدەران لەم خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بەرزبۆتەوەبۆ (72%) ئەمەش ڕادەی متمانەی هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستان نیشادەدات بەو دامەزراوە نیشتمانییە بۆ ئەم خولەی پەرلەمان و بە وەرچەرخانێکی گرنگ دادنرێت بۆ هەرێمی کوردستان وا دەکات پەرلەمان ببێتە ناوەندێکی بڕیار و پایەکی بەهێزی ئاسایشی نیشتمانی.

6- بەژداریکردنی چەندین لیستی نوێ کەبونەتە خاوەنی کورسی پەرلەمانی وەکو لیستی هەڵوێست کە خاوەنی(4) کورسی و لیستی بەرەی گەل (2) کورسی بۆیەکەمین جارە بەژدارن لە پرۆسەی هەڵبژاردن لە پەرلەمانی کوردستان.

**پێشنیار**

1- ڕێگەنەدان بەدرێژکردنەوەی ماوەی یاسایی پەرلەمان بەشێوەیەك بوە بەکەلتور لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی سێ خولی پەرلەمانیدا بۆ ماوەی شەش جار تەمەنی پەرلەمان درێژکراوەتەوە، دەستنیشانکردنی ڕێکەوتێکی دیاریکراو بۆ هەڵبژاردنی خولی پەرلەمان.

2-کاراکردنەوەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، چونکە کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان.

3- بەهێزکردنی پێگەی پەرلەمانی کوردستان لەڕوی دەسەڵاتی یاسادان و چاودێریکردنی وردی دەسەڵاتی جێبەجێکردن تاکو پەرلەمان ببێتە پایەکی بەهێزی ئاسایشی نیشتمانی.

## لیستی سەرچاوەکان

عزتی، عزەت ألله (2013)،کوردستان له لێکۆڵینەوەیەکی جیۆپۆلیتیکی ئێران و عێراقدا، وەرگێڕانی له فارسیەوه هاوڕێ یاسین محمەدأمین، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

فتح الله، سفین جلال(2017) جوگرافیای هەڵبژاردن، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمان.

حمد، سەرهەد شێخە(2017) گۆڕانی نەخشەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لەنێوان ساڵانی (2010-2014) نامەی ماستەر، زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بڵاونەکراوە.

کریم، ئەحمەد رفیق (2019) جوگرافیای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بڵاونەکراوە.

جەوهەر، یاسین ئاشور، مەحمود، دڵشاد عەلی، بەرگی (10) ژمارە (5)ی مانگی 8ی 2018 هەڵبژاردن وەك خواستێکی دیموکراسی و دەرهاویشتەکانی له هەرێمی کوردستان، خولی سێیەم و چوارەم بەنمونە گۆڤاری زانکۆی گەرمیان Vol.5,NO.4(AUGUST,2018)

مارف، شەماڵ علی و ئەوانیتر، ژمارە (60)ی (1ی ئابی 2019) بایەخی گەشتیاری بنەما مێژوویی و شوێنەواری و ئاینییەکان له هەورامان بەبەکارهێنانی GISگۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B ژمارە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی دانیشتوان و کار 2024 (سایتی [www.parliamaent.krd](www.parliamaent.krd))

سایتی کۆمسیۆن.com.کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق.www ڕێکەوتی 25/ 10/ 2024

الجبوری، مزهر حمید سعید، الموقع الجیوستراتیجی لدول أسیا الوسطی، رسالة ماجستیر، کلیة التربیة، جامعة الموصل، غیر المنشورة، 2012

وەزارة التخطیط هیئة أحصاء اقلیم کوردستان الاسقاطات السکانیة لاقلیم کوردستان العراق للفترة (2009-2020)، قسم السکان والقوی العاملة، 2024

الجمهوریة العراق، المفوضیة العلیا المستقلة اللانتخابات، النتائج النهائیه، لانتخابات برلمان أقلیم کوردستان، العراق،30/10/ 2024

الجمهوریة العراق، المفوضیة العلیا المستقلة اللانتخابات، ملخص انتشار مراکز الاقتراح للانتخابات برلمان کوردستان، 2024.